# دیاردەیەکی تری نێو شۆڤینییە عەرەبەکان

کاروان عەلی

مایەی سەرسوڕمان نەبوو بۆ ئێمە کاتێك لەسەردەمی جەنگی دژی تالیبان و ئەلقاعیدە بەشێك لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی عەرەب و نووسەرو ڕووناکبیرەکانیان" ئوسامە بن لادنی سەرۆکی ڕێکخراوی ئەلقاعیدەیان بە پاڵەوان دەشوبهاندو ئەگەر ڕاستەوخۆش ئەم هەستەی خۆیان نەدرکاندبایە، ئەوا بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بەشان و باڵیان هەڵداوەو لە مەدح و ستایشی نەدەکەوتن.



کە ڕووداوەکەی یانزەی سێپتەمبەری 2001 ڕوویدا، هەندێك لەعەرەبییە شۆڤینییەکان لە ڕوانگەی خۆیانەوە سەروەرییەکی گەورە بۆ ئایین و نەتەوەکەیان تۆمارکراو دەستخۆشیی ئەم کارەیان کرد گوایە لە دەرئەنجامی ئەو غەدرەیە کە ئیسرائیل لە عەرەبەکانی فەلەستینی دەکات، تەنانەت ئەلقاعیدە پێگەیەکی بەهێزتری لە کۆمەڵگا ئیسلامیەکان پەیداکردو ژمارەیەکی زۆریش گەنجی هەڵخەڵەتێنراو چوونە ڕیزی ڕێکخراوەکەوە.

هەندێك لە نووسەرو ڕووناکبیرو سیاسەتمەداری عەرەب، لە ڕوانگەی نەتەوەرەپەرستیی تەسکبینیانەوە گەشەسەندن و بەهێزبوونی ئەلقاعیدەیان لا پەسەندبوو کە دەکرێ سوودی بۆ عەرەب هەبێت و دەشتوانێت لەنێوکۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا پێگەیەکی شایستەتری بۆ دەستەبەر بکات، ئەم گوتارە هەڵەیەی ئەم ڕووناکبیرو نووسەرو کەناڵانەی ڕاگەیاندن، بەشێوەیەکی سەرەکی لە تەلەفزیۆنی ئەلجەزیرە ڕەنگی دایەوەو ئەم کەناڵە بووبووە مینبەری بانگەشەکردن بۆ کاری تیرۆریستی لەڕێگەی بڵاوکردنەوەی پەیام و نامەکانی بن لادن و یاریدەدەرەکانی.

زۆر خوێندنەوە بۆ ئەم دیاردە سەیرەی نێو بەشێك لە ڕووناکبیرو نووسەرو کەناڵی میدیایی عەرەب دەکرێت، هەندێکیان پێیان وایە کە دەگەڕێتەوە بۆ هۆکارە شۆڤینییەکەی و ئاستی ڕقی ئەوان بەرامبەر واشنتۆن و خۆرئاوا بەگشتی و هەندێکی تریش هۆکارەکە بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە ئەوان هەست بەبێ دەسەڵاتیی سیستەمە سیاسییەکانی عەرەب دەکەن لە ئاست هەیبەت و دەستڕۆیشتوویی ئەمریکا یا پێشهاتە خێراکانی جیهان" لەنێو عەرەبدا، بۆیە هەستدەکەن کە بن لادن و ڕێکخراوەکەی، بەدیلێکن بۆ ئەو سیستەمە سیاسییانە ئەگەر بەشێوەیەکی دوور لەوانیش ڕەفتار بکەن.

بێگومان هەردوو بۆچوون ڕێیان تێدەچێ و لەگەڵ واقیعەکەدان، بەڵام ئەوەی زیاتر مەبەستمانە لێرەدا قسەی لەسەر بکەین گۆڕانی ئۆتۆماتیکیی هەڵوێستی ئەو نووسەرو ڕووناکبیرو کەناڵانەیە کە ئاماژەمان پێدان لەمەر ئەو کردەوە تیرۆریستیانەی لەچەند هەفتەی ڕابردوودا سعودیەو مەغریبی گرتەوەو دەیان کوژراوی لێکەوتەوە.

ئەوەی تێبینی دەکرێ، پێچەوانەی سەردەمی جەنگی دژی تیرۆر لە ئەفغانستاندا، ماوەیەکە سەرجەم کەناڵ و هۆکارەکانی ڕاگەیاندنی عەرەب، قورسایی خۆیان بۆ ڕیسواو ئیدانەکردنی کردەوەی تیرۆریستی تەرخانکردووەو هەوڵدەدەن مەترسی و زیانەکانی ئەم کردەوانە لەسەر ئابووری و باری ئەمنی و کۆمەڵایەتیی گەلەکانیان ڕوون بکەنەوەو دوورابییەکانی شیبکەنەوە، هەروەك بەشێکیان ناڕاستەوخۆ خۆیان خزاندۆتە موخاتەبەکردنی گەورە تیرۆریستەکانی ڕێکخراوی ئەلقاعیدەو ڕێکخراوە تیرۆریستییەکانی هاوپەیمانی و بەهەمان شێوە، بەناڕاستەوخۆ پێیان دەڵێن، ئێرە واتا خاکی عەرەب شوێنێکی گونجاو نییە بۆ کردەوەی تیرۆرو تێکدەرانە، پێویستە ڕووبکەنە ئیسرائیل وئەمریکاو وڵاتانی خۆرئاواو لەوێ ئەم کردەوانە بکەن!

ئاستی شۆڤینیانەی ئەم دەستە ڕووناکبیرو کەناڵەی ئاماژەمان پێدا، گەیشتۆتە ئەم ڕادەیەی کە خوێنی هاووڵاتییەکی خۆرئاوا بە حەڵاڵ بزانێ ئەگەر بەدەستی تیرۆریستێك بکوژرێت و هی هاووڵاتییەکی عەرەبیش، بەحەرام، ئەمان نەهاتنە سەر باسی سلبیاتییەکانی تیرۆر تەنها ئەو کاتە نەبێت کە بەردەرگای ماڵی ئەوانیشی گرتەوە، واتا ئەگەر دەیان ساڵی تر کردەوەی تیرۆریستی لە وڵاتانی خۆرئاوا یا خۆرهەڵاتیش جگە لە عەرەبییەکان، بکرابایە، لەڕوانگەی ئەوانەوە دیاردەیەکی ئاسایی و کاردانەوەی زۆرداریی دەسەڵاتدارانی خۆرئاوایە!

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.